سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان
www.sekoykurdistan.com · contact@sekoykurdistan.com

دەوڵەتی سەربەخۆ تاکـــە چارەسەرە بۆ نەمانی جینۆسایدی گەلی کوردستان.

بنکەیەکی کۆمەڵگەیەکـــی مۆدێرن لەسەر بنەمای لیبرال دیموکرات بۆ پاراستنی مافی تاک، و گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

# دکتۆر کەمال سەی قادر دەبێت ئازاد کرێت!

ماوەی چەند رۆژێکە دەسەلاَت دارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – هەولێر، هاولاَتیەکی کوردیان بە ناوی کەمال سەی قادر دەستگیر کردووە، هۆی دەستگیر کردنیشی بەپێی نوسینەکانی و ڕوونکردنەوەی بنەماڵەکەی ئەوەیە کە ئەو هاولاَتیە نوسەرەو راشکاوانە رەخنەی لە کەسان و سیاسەت مەدارانی کورد گرتووە.

سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر بە هەنگاوێکی گەلێک مەترسیدار ناو دەبات و داخوازی ئەوەیە کە ناوبراو دەست بەجێ ئازاد کرێت و ئەگەر تاوانێکی نا یاسایشی ئەنجام دابێت ئەوە دەبێت بە دادگای ئاشکراو بە پێ ی بڕگەکانی یاسای کوردستان دەستگیر بکرێت..

ئێمە راشکاوانە بەرگری لە ئازادی بیرو باوەرو دەربڕین و مافی هاولاَتی بوون دەکەین، داکۆکی لە یاساکان و مافی مرۆڤ دەکەین، هیچ کەس پیرۆز نییە لەبەر دەم رەخنەو لێپێچینەوەدا، هەروەک چۆن هیچ کەسیش لە سەرو یاساو لە ژێر یاساوە نییە.
گرتن و سەرنگومکردنی هاووڵاتیان لەلایەن دام و دەزگای فەرمیەوە یەکێک بوو لە دیاردە نامرۆڤایەتییەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، کارێکی لەو جۆرە دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری ڕژێمێکە کە هەردو دەسەلاَتی ئێستای کوردستان لەگەڵ سەرجەم گەلی کوردستان قوربانی زۆرمان دا لەپێناو لەناوبردنیدا، بەڕای ئێمە ئەو سەردەمە ئیدی بەسەر چوو کە بە نهێنی هاولاَتیانی کوردستان لەسەر ئازادی ڕادەربڕین شوێن بزر بکرێن، ئەگەر وا نەبێت کەواتە گەلی کوردستانمان ئەبێت بەردەوام بێت لەخەباتدا بۆ لەناوبردنی بەردەوامبوونی ڕەفتاری سیستمی دیکتاتۆرییەت بەهەموو شێوازەکانیەوە.

ئێمە داوا لە بەڕێزان سەرۆکی کۆماری عێراق جەلال تالەبانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی دەکەین، بە زوو ترین کات دەسەلاَتی خۆیان بەکار بهێنن بۆ ئازاد کردنی ئەو هاولاَتیە، بە پێچەوانەوە ئەوا ئێمە ناچار دەبێن لە دادگای بەلژیکاو لە ولاَتانی دیکەی ئەوروپا پرۆسەی یاسایی لە دژتان دەست پێ بکەین...

بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی دەسەلاَتی یاسا و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان !

وتە بێژی سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان
2005-10-30

www.sekoykurdistan.com
contact@sekoykurdistan.org